# کورد و ئاراستەکانی سیاسەتی ئەمساڵ لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست (ئێران، تورکیا، عێراق، سووریا)

09-01-2021

**نووسەرەکان**

زریان رۆژهەڵاتی

**کورتە :** 2020ساڵی کۆرۆنا و پرسە گەرمەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەو چواردەوڵەتەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بوو کە پەیوەندی راستەوانەیان بە پرسی کوردەوە هەیە. گەلێك ئاماژە هەن کە لەوانەیە 2021ش خاڵی زەقبوونەوەی زیاتری پرسە نێوخۆییەکانی ئەو چوار دەوڵەتە بێت. بێگومان ناڕوونی و هەڵبەزودابەزە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە 2020دا

**بەرایی**

2020ساڵی کۆرۆنا و پرسە گەرمەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەو چواردەوڵەتەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بوو کە پەیوەندی راستەوانەیان بە پرسی کوردەوە هەیە. گەلێك ئاماژە هەن کە لەوانەیە 2021ش خاڵی زەقبوونەوەی زیاتری پرسە نێوخۆییەکانی ئەو چوار دەوڵەتە بێت. بێگومان ناڕوونی و هەڵبەزودابەزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە 2020دا، زەمینەیەکی بەهێزی نێوخۆیشیان هەبوو، بەڵام ئەوەی زەقتر بوو کۆرۆنا و پرسەکانی سیاسەتی دەرەوە بوون. کێشەکانی ئەمریکا و ئێران، لە گەماڕۆوە بگرە هەتا کوژرانی قاسم سولێمانی، تەنگژەکانی تورکیا وهاوپەیمانەکانی لە ناتۆ و ڕۆژئاوا، لەگەڵ ململانێ جیۆسیاسییەکان لە عێراق و سووریا، زۆرێك لە پرسە نێوخۆییەکانی ئەو وڵاتانەی داپۆشیبوو کە پێدەچێت لە 2021دا بەوجۆرە نەمێنێت.

**زیادبوونی رکابەرییە ناوچەییەکان**

ئاشتبوونەوەی عەرەب- ئیسرائیل و ئاشتبوونەوەی وڵاتانی کەنداو، پێگەی کەنداو لە 2021ی ئەم ناوچەیدا بەهێزتر دەکات. لەلایەکی دیکەوە، مانگی 6ی ئەمساڵ کۆبوونەوەی گشتی نەتەوەیەککگرتووەکان، 5 دەوڵەت وەك ئەندامی ناهەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نیودەوڵەتی هەڵدەبژێرێت کە رەنگە یەکێك لەوانە دەوڵەتی ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی بێت. ئیمارات هەر لە ئێستاوە خۆی بۆ وەرگرتنی کورسییەکی 2 ساڵی لە ئە ئەنجومەنی ئاسایش کاندید کردووە و ئەگەر سەربگرێت، پێگەی کەنداو بەهێزتر دەکات.[1]خراپی دۆخی ئابووری ئێران و تورکیاش دەتوانێت وەکوو فاکتەرێکی دیکە کاریگەری لەسەر ئەو پێگە گریمانەییەی وڵاتانی کەنداو دابنێت.

یەکێکی دیکە لە رکابەرییە گرنگەکان لە ناوچەکەدا کە لەوانەیە بەهێزتر بێتەوە، رکابەری ئێران و تورکیایە کە رەهەندێکی سیاسی و ئابووریی بەهێزی هەیە. لە 2015وە تورکیا بەرە بەرە رووی لە سیاسەتێکی هاوکاریی ناوچەیی کرد و زیاتر لە رووسیا و ئێران نزیکبووەوە. لە هەمانکاتیشدا لە ئیسرائیل، ئەرووپا و تەنانەت ئەمریکاش درووکەوتەوە و گرفتەکانی لەگەڵیان لە لیبیا، سووریا، عێراق، ئازەربایجان و دەریای سپی زیاتر بوون. لە 2017دا هاوکاریی ئێران و تورکیا بە تایبەتی لەبارەی پرسی کورد گەیشتە لوتکە و ئێستاش، ئاماژەی دیکە هەن کە لەوانەیە ئەو دۆخە گۆڕانی بەسەردا بێت. یەکێك لە ئەنجامەکانی رووداوەکانی 2017ی عێراق، راگرتنی هەناردەکردنی نەوتی کەرکووك لەڕێی تورکیا و هەناردەکردنی بەشێکی ئەو نەوتە لەڕێی ئێرانەوە بوو. جێگەی سەرنجە کە ئەمساڵ بابەتی هەناردەکردنەوەی نەوتی کەرکووك لەڕێی تورکیاوە، یەکێك لە مژارەکانی دانووستاندنەکانی کازمی ـ ئەردۆغان بوو. بێجگە لە نەوت، تورکیا و ئێران پێویستییەکی زۆریان بە بازاڕی عێراق هەیە و ئەمەش خواستە یان ناخواستە رکابەریی هەردوولا زیاتر دەکات. بە تایبەتی تورکیا چاوی لە زیادکردنی رۆڵی ئابووری خۆیەتی لە نەینەوا و ناوچە سوننەنشینەکان و، لەوەشدا تووشی بەربەستی هەندێك لە گرووپە چەکدارییە شیعییەکان بووە.

ئەنکەرە بە رێککەوتن لەگەڵ چین، لەڕێی کردنەوەی هێڵێکی شەمەندۆفێرەوە کە باکوو- تفلیس بە قارس دەبەستێتەوە، رۆڵێکی سەرەکیی لە درووستکردنی هێڵی "ئاسنی ئاروێشم"دا گێڕاوە کە دەرفەتی بەستنەوەی ئەرووپا و چین بە یەك دەدات و بە کۆریدۆری نێوەڕاستیش دەناسرێت. لە ماوەی رابردوودا یەکەم شەمەندۆفێر لە کۆماری چیکەوە بەو رێگایەوە گەیشتە چین. ئەمە دەتوانێت پێگەی تورکیا لە رکابەرییە ئابوورییەکانی لەگەڵ ئێران بەهێزتر بکات کە خۆی بە خاڵێکی رێڕەویی گرنگ لە کۆریدۆری باشوور و رێگای دەریایی- وشکانی چین بۆ ئەرووپا هەژمار دەکات. لەلایەکی دیکەوە، تورکیا دەستیکردووە بە هەوڵدان بۆ خاوکردنەوەی گرژییەکانی لەگەڵ رکابەرە ناوچەییەکانی ئێران لە ناوچەکە و ئاماژەی ئامادەبوون بۆ چارەسەرکردنی پرسەکانی لەگەڵ رۆژئاوا دەدات. لە 2015ەوە تا ئێستاش، بۆجاری یەکەم میتی تورکیا لە ئۆپەراسیۆنێکدا 9کەسی بە تۆمەتی سیخوڕیکردن بۆ ئێران دەستگیرکرد[2] کە دەگوترێت رۆڵیان لە رفاندنی کەسایەتییەکی عەرەبی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیدا هەبووە.

**زیادبوونی رکابەرییە نیوخۆییەکانی دەسەڵات**

بەپێی یاسا، ئەمساڵ ساڵی هەڵبژاردنی سەرۆکی سووریایە کە بڕیارە لە نێوەڕاستی مانگەکانی 4-5دا رێکبخرێت. هەڵبەت دانووستاندنەکانی دەستووریش لە ئاراداں و ئەکتەرە دەرەکیی و نێوخۆییەکان لە کورد و گرووپەکانی ئۆپۆزیسیۆنەوە بگرە هەتا دەگاتە بنەماڵەکانی دەوری بەشار ئەسەد، لە رکابەری و ململانێی ئاراستەپێدانی دەسەڵاتی ئەو وڵاتەدان. لە نێوەڕاستەکانی ئەمساڵدا، لە عێراق

و ئێرانیش هەڵبژاردن هەیە کە یەکیان هەڵبژاردنی گشتی و ئەویتریشیان هەڵبژاردنی سەرۆکایەتییە.

ئەگەر دۆخێکی تازە نەیەتە پێش، واچاوەڕواندەکرێت کە سەرۆککۆمارێکی سوپایی یان لانیکەم موحافزەکاری نزیك لە ماڵی رابەری ئێران بێتە سەرکار. ئەمە تەنیا لەبەر خودی پۆستەکە گرنگ نییە، بەڵکوو لەبەر ئەو رۆڵە پڕبایەخەش کە سەرۆککۆمار لە قۆناخی گواستنەوەی دیاریکردنی رابەری داهاتووی ئێراندا هەیەتی، جێگای سەرنجە. بەپێی دەستوور، ئەگەر رابەر دەستلەکاربکێشێتەوە، لابدرێت یان بمرێت، ئەنجومەنێکی کاتیی رابەری شوێنی دەگرێتەوە کە سەرۆککۆمار یەکێکیانە. حاڵی حازر سەرۆکی دەسەڵاتی داد بە کەسێکی نزیك لە ماڵی رابەری ئێستا هەژمار دەکرێت و زۆربەی پیاوە ئاینییەکانی ئەنجومەنی پاریزەرانیش هەر لەو ماڵەوە نزیکن. بۆیە تەنیا سەرۆککۆمار دەمێنێتەوە کە جێی رکابەری بێت. ئەم باسە گرنگە چوونکە هەم باسەکانی کاندیدکردنی فەرماندەیەکی سوپا بۆ سەرۆکایەتی کۆمار، هەم وەکوو باسەکانی ئەگەری شوێنگرتنەوەی رابەری ئێستا لەلایەن موجتەبای کوڕی، زیاتر لە جاران لە گۆڕێدایە. هەرلە ئێستاوە لە سۆشیالمیدیا، بە ئاسانی دەتوانی چاوت بە پەیجی جۆراوجۆر بکەوێت کە ئاوەڵناوی ئایەتوڵڵا بۆ موجتەبا خامنەیی بەکاردێنن کە یەکێك لە مەرجەکانی رابەربوونە! ئالەبەرئەمانەش، هەڵبژاردنی داهاتووی سەرۆکایەتی کۆمار لە ئێران، لانیکەم ماددەیەکی گرنگی رکابەری و هاوپەیمانییەکانی نێوان باڵ و ئاراستە جیاوازەکانی دەسەڵاتی سیاسی دەبێت.

خراپی دۆخی ئابووری، توانای ئێرانی لە سیاسەتە ناوچەییەکانیدا کەمتر کردۆتەوە و هاتنی بایدنیش چەندەی دەرفەت بێت بۆ تاران، ئەوەندەش گرفتی بۆ درووستدەکات. چوونکە وادیارە توانای بایدن بۆ هاوڕاکردنی هاوپەیمانەکانی ئەمریکا سەبارەت ئێران لە ترەمپ زیاتربێت کە تەنانەت نەیدەتوانی بەریتانیا و فەرەنساش بۆ درێژکردنەوەی گەمارۆکانی سەر تاران رازی بکات. بۆیە ئێران ناچار دەبێت هەستناکتر و سنووردارتر لە جاران لە سیاسەتی دەرەوەدا بجووڵێتەوە. بەرزکردنەوەی رێژەی خەستیی پیتاندنی یۆرانیۆمیش کە لەمدواییانەدا بڕیاری لێدراوە، زیاتر بە هەوڵێکی تاران بۆ زیادکردنی کارتەکانی دەستی خۆی لە دانووستاندنە گریمانەییەکانی لەگەڵ ئیدارەی نوێی ئەمریکا هەژمار دەکرێت.

هەرهەڵبژاردنەکەی ئێران نییە کە بە ململانێیەکی قورسی  نوخبەکانی دەسەڵاتدارەوە بارگاوییە، بەڵکوو هەڵبژاردنەکەی عێراقیش ئەگەر بکرێت، دەرگای ململانێیەکی نێوخۆیی گەورەتر دەکاتەوە. ناڕەزایی جەماوەری، کێشەی نێوخۆییەکانی هەرسێ پێکهاتەی شیعە و سوونە و کورد لە ئاستێکی بەرزدایە و گرفتەکانی نێوان هەولێر و بەغداش هەروا بە هەڵواسراوی ماونەتەوە و کێشەکانی نێوان دەسەڵاتی گرووپە چەکدارەکان و دەسەڵاتی حکومەتیش جاریٚ بەردەوامە. سەرەڕای ئەوەش، عێراق لە دۆخیکی ئابووری سەخت و دژواردایە و چاوەڕواناکرێت کە هەڵبژاردنەکەی مانگی 6ی ئەمساڵ(ئەگەر لەوادەی خۆیدا بکرێت) رێگا بۆ سەقامگیری و خاوکردنەوەی ململانێکانی دەسەڵات بکاتەوە.

لە تورکیا، کێشەکانی سیاسەتی دەرەوە، دەرکەوتنی حزبی تازە و خراپیی دۆخی ئابووری کە گرانی و هەڵاوسان، بێکاری و دابەزینی بەهای لیرە و تەنانەت کێشەی هەبوونی نەختینەی یەدەگ تەنگیان بە نوخبەی دەسەڵاتدار هەڵچنیوە. ئەگەری ناڕەزایی جەماوەری بە هۆی دۆخی ئابووری لە ئارادایە و سەرۆککۆماری تورکیا ناچاربووە لە ژێر گوشارەکاندا بە دەستلەکارکێشانەوەی بەرات ئاڵبایراکی زاوای رازی بێت. پارتەکەی عەلی باباجان- دەوا، وەکوو حزبێك دەرکەوتووە کە  وەرگرتنی دەنگی زۆرترین جەماوەری ئاکپارتیی کردۆتە ئامانج. دەوا لە نێو تورك و کوردە موحافزەکارەکاندا کە پێشتر دەنگیان بە ئاکپارتی داوە خەریکە گەشە دەکات. کەمال قلچدارئوغڵوو سەرۆکی جەهەپەش، خەریکە شوێنی خۆی وەك لیدەری یەکخەری هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن بەهێزتر دەکات. گوشارەکانی دنیای دەرەوەش لە جاران زۆرترن، ئەمەش گرفتەکانی ئەردۆغانی زیاتر کردووە. ئێستا باس لە چەندین سیناریۆی جیاجیای وەك ئەگەری کرانەوەی دووەم سەبارەت بە پرسی کورد، ئەگەری گۆڕینی هاوپەیمانی ئاکپارتی لەگەڵ مەهەپە بە هاوپەیمانیی ئاکپارتی و ئیی پارتی لە گۆڕیدان بەڵام، هەرچییەك رووبدات، لە 2015ەوە بنەماکانی دەسەڵاتە بەهێزەکەی ئاکپارتی لەق بووە و ئەستەمە وەکوو جارانی لیٚ بێتەوە. دۆخی ئێستا، یان تورکیا بەرەو هەڵبژاردنێکی پێشوەخت دەبات یان بەرەو هاوپەیمانییەکی نوێی هێزە سیاسییەکان پاڵدەنێت. لە هەردوو حاڵەتەکەشدا گۆڕانکاریی لە سیاسەتی دەرەوە و ناوخۆی تورکیا بە ئاراستەی نەرمبوون، شتێکی چاوەڕوانکراوە.

**ئەنجام**

وا چاوەڕواندەکرێت کە کیشە نیوخۆییەکانی ئەو دەوڵەتانەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە پەیوەندیی راستەوانەیان لەگەڵ پرسی کورد هەیە، لەمساڵدا زیاترابن. بێگومان دۆخی کوردیش لەوە جیاوازتر نییە. ناکۆکییە ریشەدارە نێوخۆییەکانی لایەنە کوردییەکان لەگەڵ یەکتر لە 202یشدا لە لووتکەدا بوو. بەڵام زیادبوونی ململانیکانی دەسەڵات لە ئیران و تورکیا، عێراق و سووریا، کاریگەری لەسەر پرسی کورد دادەنێن. بە ئەگەری زۆر، زیادبوونی ململانێکانی دەسەڵات لە تورکیا رۆڵی کورد لە سیاسەتی ئەویٚ زیاتر دەکات و پێویستی لایەنەکان بە هەدەپە زۆرتر دەکات. لە سووریا ئەگەر رێککەوتنی کوردی ـ کوردی سەربگرێت، کورد بەشێوەیەکی بەهێزتر دەتوانێت بەشداری لە گۆڕانکارییەکانی سووریا بکات. لە ئێران ئەگەر ململانێکانی دەسەڵات بە تایبەت هەڵبژاردنی سەرۆککۆمار رێگا بۆ رووداوی هاوشێوەی ساڵی 2009 بکاتەوە، ئەو کاتە هاوشێوەی باقی پرسەکانی دیکە، پرسی کوردیش برەوێکی زیاتر پەیدا دەکات. لە عێراق، ترسی

گوێزرانەوەی زیاتری ململانێکانی دەسەڵات لە بەغداوە بۆ نێو کوردستان هەمیشە لە ئارادایە. ئەگەری زیادبوونی دابەشبوونەکانی کورد هەیە ئەگەر ڕێبازێکی سیاسی جیاوازتر لە 2020 پێڕەو نەکرێت.

[1] ـ https://www.aljazeera.com/news/2020/9/30/uae-announces-candidacy-for-un-security-council-seat

[2] ـ https://www.hurriyet.com.tr/gundem/son-dakika-mitten-zindasti-operasyonu-11-kisi-yakalandi-41687996